



# لە پاڵەوانێتیی عەرەب باسکەی سیروانی نوێ بەنیازی نووسینەوەی مێژوون

**هەر چەندە تیپی باسکەی کچانی سیروانی نوێ بە لێهاتوویی رزگار رەئوفی راهێنەری گەنجی یانەکە توانیان بۆ یەکەمجار نازناوی سوپەری باسکەی کوردستان ببەنەوە شاری سلێمانی دوای ئەوەی لە یاریی کۆتایی دەست نیشان کردنی پاڵەوانی سوپەری کوردستان نازناوەکەیان لە چنگی کچانی ئەکادی عەنکاوە دەرهێنا، بڕیاریشە رۆژی دووشەممە لە شاری شاریقەی وڵاتی ئیماراتی عەرەبی کچانی سیروانی نویێ شاری سلێمانی بە نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان و عێراق شان بەشانی حەفت یانەی تری وڵاتانی عەرەبی بەشداری لە پاڵەوانێتی یانەکانی عەرەبی بکەن بۆ یەکمجار کە بڕیارە یارییەکانی تاکو رۆژی ١٢ی ئەم مانگە بەردەوام بێت، هەرچەندە کچانی سیروانی نوێ بە تیپێکی لاوەوە بەشدارن، بەڵام بۆ نووسینەوەی مێژوو بەشداری لەم پاڵەوانێتییە دەکەن لەبارەی بەشداری کردنیان لەم پاڵەوانێتییەدا کچانی سیروانی نوێ بە ئومێدەوە بەشداری ئەم یارییانە دەکەن ئێمەش لەم بارەیەوە ئەم ڕاپۆرتەمان ئەنجامداوە.**

ڕزگار رەئوف ڕاهێنەری باسکەی کچانی سیروانی نوێ لەبارەی بەشداری کردنیان لەم پاڵەوانێتییەدا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: بەشداری کردنی تیپی ئێمە دوای ئەو زنجیرە سەرکەوتنانە هات کە لە چەند ساڵی ڕابردوو بەدەستمان هێناوە لە پاڵەوانێتییەکانی کوردستان و عێراق، ئێمە چەند رۆژێك بەر لە ئێستا جامی سوپەری کوردستانمان هێنایەوە شاری سلێمانی بۆ یەکەمجار لە مێژووی شارەکە ئەم نازناوەمان بەم شارە شاد کردەوە، بۆ بەشداری کردنیش لە پاڵەوانێتیی یانەکانی عەرەبی ئامادەکارییەکانمان بەردەوام بووە و رۆژانە مەشق و راهێنانەکانمان لە هۆڵی داخراوی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی سلێمانی کردووە. لە بارەی کێشەکانیان ڕاهێنەری ناوبراو گوتی: کێشەی سەرەکیی ئێمە نەبوونی هۆڵێکی تایبەتە بە خۆمان بۆ ئەوەی بتوانین بە بەردەوامی مەشقەکانی خۆمانی تێدا ئەنجام بدەین، لەگەڵ ئەوەشدا دلێری ڕاهێنەری باسکەی پێشمەرگە هاوکاری زۆر باشی کردووین، بۆ ئەم پاڵەوانێتییەش کچە یاریزانێکی بیانی بە ناوی (رەشیدەت ئۆدۆن)هاتۆتە ریزی یانەکەمان بەپێی رێنماییەکانی پاڵەوانێتییەکەش هەر یانەیەك دەتوانێت سێ یاریزانی پیشەگەر بباتە ریزی یانەکەیەوە، بەڵام بەهۆی کەمیی دارایی و کێشەکانمان نەمانتوانی یاریزانی زیاتر بهێنین، ئێمە بۆ پلەی یەکەم لەم پاڵەوانێتییەدا بەشداری ناکەین، بەڵکو بۆ چوونە نێو پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکان





بەشدار دەبین، ئێمە ڕەنگە تاکە تیپ بین لەم پاڵەوانێتییە کە تیپێکی گەنجین تەواوی یاریزانەکانمان بچووکن و دەمانەوێت ئەزموون لەم بەشداری کردنە وەربگرین، تیپەکانی بەرامبەر ئێمە ئەزموونی بەشداری کردنیان بۆ زیاتر لە ٢٥ ساڵ دەگەڕێتەوە، کچانی ئێمەش یەکەمجارە لە مێژوودا بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییە دەکەن، منیش وەکو ڕاهێنەر یەکەم جارە بەشداریی لە پاڵەوانێتییەکی وا دەکەم دەمەوێ ئەزموون وەربگرم سەرجەم تیپە بەشداربووەکانیش لە چاو ئێمە ئاست و توانای باشیان هەیە لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتیەکان، گوتیشی: ئێمە لەلایەن یەکێتیی تۆپی باسکەی وڵاتانی عەرەبی بانگهێشتی ئەم پاڵەوانێتییە کراوین کە دووەمی کوردستان و عێراق بووینە، لە هەمان کاتیشدا سوپەری کوردستانمان بەدەست هێناوە، بەڵام هیچ کەمپێکی مەشقیمان ئەنجام نەداوە لە دەرەوەی وڵات تەنیا لە ناو شاری سلێمانی خۆمان ئامادەکردووە.

لەلایەن خۆشیەوە چۆمان نەواف کچە یاریزانی تیپی باسکەی سیروانی نوێ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» پێشبینی دەکەین ئاستی پاڵەوانێتییەکە زۆر بەرز بێت، ئێمەش ئامادەکاریی باشمان کردووە لەسەر دەستی ڕاهێنەری بەتوانای کوردستان مامۆستا ڕزگار، بۆیە ئەگەر ئێمە وەکو تیپێکی کوردستان بەشداری بکەین بۆ ئێمە دەبێتە دەستکەوتێکی زۆر باش کە بتوانین ئەنجامی باشیش بەدەست بهێنین، کچە یاریزانەکانی ئێمە هەمووی گەنجن و دەیانەوێ وەکو یەکەم بەشداری کردن ئاستێکی شایستە پێشکەش بکەن، ئامادەکارییەکانیشمان هەر لە شاری سلێمانی بووە.

وەفا جاسمیش لە بارەی ئامادەکارییەکانی تیپەکە بۆ گوڵان گوتی: ئێمە وەکو یاریزانان بەردەوام لە ناو خولەکانی کوردستان و عێراق بووینە دواتریش نازناوی سوپەری کوردستانمان بەدەست هێنا، ئامادەکاریی باشمان کردووە بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامی باش، ڕاهێنەری تیپەکەشمان زۆر ماندوو بووە لەگەڵ یاریزانانی تیپەکەمان، ئەو بەشداری کردنەشمان دەبێتە دەروازەیەکی باش بۆ تیپەکەمان بۆ بەشداری کردنی زیاتر لە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە.

مێراندا نەواف بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: بەشداری کردنی ئێمە لە پاڵەوانێتییەکی وا گەورەدا دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ ئەوەی خۆمان بسەلمێنین کە یانەیەکی ئاست بەرزین لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، ئامادەکارییەکانیشمان وەکو پێویست لە شاری سلێمانی ئەنجامداوە، ڕاهێنەری تیپەکەمان زۆر ماندوو بووە لەگەڵ یاریزانانی تیپەکەمان بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین، حەزمان دەکرد یاریزانی پیشەگەری زۆرتر لەگەڵ ئێمە یارییان بکردایە بەڵام بەهۆی کەمیی توانایی داراییمان نەمانتوانیوە یاریزانی زیاتر بهێنین، بۆیە ئێمە وەکو یاریزانان متمانەی تەواومان بەخۆمان هەیە کە بوونی خۆمان وەکو کچانی کورد بسەلمێنین.

ڕاپۆرتی: کارزان کانەبی




# هازارد:
# هەوڵ دەدەم وەک ڕۆناڵدۆ و میسی دەستکەوتی کەسی بەدەست بهێنم

یاریزانی هەڵبـــژاردەی بەلژیـــکا و یانـــەی چێلســـی ئینگلیزی ئەدین هازارد رایگەیاند گشت کۆششەکانی دەخاتـــە گەڕ بـــۆ بەدیهێنانی دەســـتکەوتە کەسییەکانی وەك هەردوو ئەستێرەکەی جیهان کریستیانۆ ڕۆناڵـــدۆ و لیۆنیل میســـی. هەروەها هـــازارد دووپاتی کردۆتەوە لەسەر دەستی ڕاهێنەری یانەکەی جۆزی مۆرینهۆ تەواو پێگەیشتووە . جێی وەبیر هێنانەوە بەپێی کەناڵی سکای سپۆرت یاریزانی بەلژیکی ئەدین هازارد بەشێوەیەکی نوێ لەم وەرزە شان بەشانی یاریزانی بەرازیلی یانەکەی ئۆسکار دەرکەوتووە، بۆیە ئەم ئاســـتە بەرزەی یەکێك بووە لەهۆکارە سەرەکییەکانی ڕۆیشتنی یاریزانی ئیســـپانی خوان ماتا بۆ یانەی مانچستەر یونایتد . هەر لەدرێژەی قســـەکانیدا هازاردی تەمەن ٢٣ ساڵ ڕوونی کردۆتەوە بـــە هەوڵ و کۆششـــەکانی وا دەکات ڕۆژێك لەڕۆژان ببێتە یەکێك لە پاڵێوراوانی بەدەســـت هێنانی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان هەروەك ڕۆناڵدۆ و میســـی. شـــایەنی وتنە هـــازارد لە هاوینی ٢٠١٢دا لەیانەی لیلی فەرەنسییەوە هاتە ریـــزی یانەی چێلسی.

# جۆزی مۆرینهۆ: ماتا نەیتوانی جێی خۆی لە پێکهاتەی چێلسیدا بکاتەوە



راهێنەری پورتوگالی و یانەی چێلسی ئینگلیزی جۆزی مۆرینهۆ رایگەیاند نیگەرانە لە رۆیشتنی یاریزانی یانەکەی خوان ماتای ئیسپانی، مۆرینهۆ لە لێدوانێکیدا گوتی: لەکاتی هاتنم بۆ یانەی ناوبراو یەکێك بوو لەباشترین یاریزانی ئەو یانەیە، بەڵام بەلای من تواناکان و ئاستی ئۆسکار زۆر لەماتا باشتربوو. هەروەها راهێنەری ناوبراو روونی کرەوە : من زۆر نیگەرانم کە ماتا نەیتوانی یاریزانێکی ئاست بەرزو بەهێز بێت هەروەکو سەردەمی راهێنەر بینیتز، بۆیە ئەمە بەلامانەوە کارێکی نوێ نییە و زۆر کات هیچ بژاردەیەکمان لەبەردەم نامێنێت و رووبەڕووی ئەو بارودۆخانە دەبینەوە. شایەنی وتنە یاریزانی ئیسپانی خوان ماتا بەشێوەیەکی فەرمی چووە یانەی مان یونایتد بە پێی گرێبەستێك بەبری ٣٧ ملیۆن پاوەند بۆ ماوەی ٤ وەرز و درێسی ژمارە ٨ ی وەرگرت لە یانەی شەیتانە سوورەکان.



# ناسر خەلیفی مکوڕە لەسەر هێنانی میسی بۆ مان ستی

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان بڵاویان کردەوە یانەی پاریس سان جێرمان تا ئێستا مکوڕە لەسەر بەدەست هێنانی تواناکانی یاریزانی ئەرژەنتین و یانەی بەرشلۆنە لیۆنیل میسی. هەروەها ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە یانەکەی پاریسی پایتەخت بەبایەخەوە لەهەوڵی بەدەستهێنانی یاریزان میسییە، هەرچەندە هەریەك لەیاریزانی ناوبراو و خۆسیە ماریای سەرۆکی تازەی یانەی بەرشلۆنە ئەم هەواڵەیان رەت کردۆتەوە، بەڵام بەپێی رۆژنامەی لیکیبی فەرەنسی خاوەنی یانەی سان جێرمان، قەتەری ناسر خەلیفی تا ئێستا گەشبینە بە هێنانی یاریزانی تەمەن ٢٦ساڵ لیۆنیل میسی بۆ یاریگای باخچەی میرەکان، هەروەها بەپێی رۆژنامەکە ناسر خەلیفی پێشبینی دەکات هێنانی میسی هەنگاوێکی گەورە بێت لە بەدەست هێنانی خەونەکانی کە بە هۆیەوە یانەی سان جێرمان ببێتە یەکێك لە بەهێزترین و باشترین یانەی جیهان. جێی وەبیر هێنانەوەیە لەسەرەتای وەرزی نوێی ئەمساڵدا میسی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە تا هاوینی ٢٠١٨ نوێ کردەوە و ئێستا سەرۆکی تازەی یانەی ناوبراو هەوڵ دەدات بۆندەکەی میسی باشتر بکات و بیکاتە خاوەن گەورەترین مووچە لە جیهاندا.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال



## یانەی ئاڵا هەڕەشەی ڕاگرتنی چالاکییەکانی دەکات



## لە مەغریب کچانی جۆدۆی ئافرەتانی هەولێر پێنج مەدالیای برۆنزییان بۆ پایتەخت هێنایەوە

هەر چەندە یانەی ئالآی ســەر بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کە ئەم ســاڵ لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردســتان بەشــدارە، بەڵام ئاســتی یانەکە وەکو پێیوســت نییە و لە کۆی ئەنجامدانی ١٤ یاری لــە خولەکەدا تەنیا ١٢خاڵی کۆکردۆتەوە و لــە دوایین ریزبەندی یانەکان دێت، لە بارەی خراپیی ئەنجامی تیپەکەیان پیران فایەق راهێنەری یانەی ئالآ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە لەبەر کێشەی هەڵبژاردنی ئەندامانی یانەکەمان لە کۆکردنەوەی یاریزانــان بۆ یانەکەمان دواکەوتین، کە ئێمە تیپمان دروســت کرد هەموو یانەکان سەربازگەی مەشقیان بە کۆتا هێنا بــوو، ڕاهێنەریش هۆکار نەبوو لە ئەنجامە خراپەکانی تیپەکەمان لە قۆناغی یەکەمدا، لە بارەی پێنەدانی بڕی ٢٥٠ملیۆن دیناری گرێبەســتی ســەرجەم یاریزانان، پیران فایەق بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: تا ئێستا بڕی گرێبەســتەکانی یاریزانانمان نەداوە، هەر چەنــدە زۆر بەڵێنمان پێدراوە لەلایەن وەزارەتی رۆشــنبیری و لە ســەرووی وەزارەت کە پارەمان بۆ دابین بکەن، بەڵام تا ئێســتا دابینیان نەکردووە، گوتیشی «سەرجەم گرێبەستەکان دەگاتە٢٥٠ ملیۆن دینار، یاریزانانی یانەکەشــمان داوای گرێبەســت ناکەن لەبەر خۆشەویســتیی خۆیان بۆ یانەکەیە، گوتیشــی «یەکێتی قوتابیانی کوردســتان مانگانە بڕی ٥ ملیــۆن دینار بە یانەکە دەدات، ئەوانیش بە سوپاســەوە مووچــەی دوومانگی یانەکەیان بــۆ دابین کردین، ئەگەر بودجــەی یانەکانیش دوا بکەوێت زۆر زەحمەتە بتوانیــن ئەنجامی باش بەدەســت بهێنین، ڕەنگە هەر دابەزین بۆ ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردســتان، ئەگەر ئەوهاش بڕوات ســەرجەم چالاکیەکانمان ڕادەگرین،چونکە بێ پارە هیچ کەســێك ئامادە نییە یاری بکات، باری داراییمان خراپە، بۆیە یاریزانانیشــمان کەمە، هیوامان وایە کە پێش خولەکان پارە بدرێت، پەیوەندیی کەســی زۆر رۆڵــی هەیە لــە دابیــن کردنی پارە ئەگەر بمانــەوێ وەرزش بەرەو پێش بچێت، دەبێت هەموو بەیەك چاو ســەیر بکرێت.

# سالار هەمزە: ئافرەتانی فوتساڵی هەولێر بیر لە وازهێنان دەکەنەوە

هەر چەندە ماوەی چەند ساڵێکە سالار هەمزە ڕاهێنەری بەتوانای فوتســاڵی ئافرتانی هەولێر لە شــاری هەولێر لەگەڵ یانەکەی بەشــدارە لە یارییەکانی خولی فوتساڵی یانەکانی کوردســتان، شــوێن پەنجەی ئــەم ڕاهێنەرە دیار بووە لە دەســت نیشــان کردن و پێگەیاندنی چەندین یاریزانی بەتوانا بۆ یانەی ئافرەتانی هەولێرو هەڵبژاردەی پەروەردەی هەولێر، ئەم ساڵیش ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کردبوو لە یارییەکانی خولی فوتساڵی نایابی کوردستان، بەڵام لە ماوەی ڕابردوودا بڕیاری دەست لە کارکێشانەوەی دابوو لە مەشق پێکردنی یانەکە، بەڵام دوای وتوێژ لەگەڵ ســەرۆك و کارگێڕانی یانەکە، ڕاهێنەری ناوبراو بڕیاری دەســت لە کارکێشــانەوەکەی جارێ بە کاتی ڕاگرتووە، لەبارەی هۆکاری دەســت لە کار کێشــانەوەی لە پۆستی راهێنەرایەتــی یانەکە، ســالارهەمزە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» بەر لە دوو هەفتە من دەست لە کارکێشانەوەم بە ســەرۆکی یانەکە راگەیاندبوو، بەڵام ناوبراو قبوڵی نەکرد و گوتــی جارێ تا دوو هەفتەی تــر بەردەوام بە، چەند جارێکیش بەخــۆی ئەوەی بەمن راگەیاندووە کە ناتوانین بە هیچ جۆرێك دەستبەرداری تۆ بین، لەلایەکی تریشەوە یاریزانەکانیش ئەم دەست لەکارکێشانەوەی من قبوڵ ناکەن ئەوەشیان ڕاگەیاندووە کە ئەگەر دەست لەکاربکێشمەوە واز دەهێنین چونکە ماوەی شەش ساڵە لەگەڵ من بەردەوامن و لەگــەڵ خانەوادەکەی ئەوان وەکو یەك خێزانمان لێهاتووە، من ئەوە ئاشــکرا دەکەم کە ناتوانم لەم ئەرکە بەردەوام بم، بــەڵام ئەمە دوایین بڕیارم نابێت، گرنگ نییە ئێمە هەر پلەیەك لە خولەکە بەدەست دەهێنین، گرنگ ئەوەیە ئەوەی لەگەڵتە یارمەتیدەربێــت و من یاریدەدەری ئافرەتم نییە، هەمیشە گوتوومە بڕیا یاریدەدەرێکی ئافرەتمان هەبوایە، هەر چەندە هەشبووە بەڵام وەکو پێویست نەبووە دوایین بڕیاریشــم بۆدوای خولەکە دەبێت.



دوای ئــەوەی تیپی جــۆدۆی یانەی ئافرەتانی هەولێر لە کازابلانکای وڵاتی مەغریب وەکو نوێنــەری هەرێمی کوردســتان و عێراق بۆ ماوەی ســێ رۆژ بەشــداری لە پاڵەوانێتیی جۆدۆی یاریزانانی وڵاتانی عەرەب کرد کە شەش وڵاتی عەرەبی تێدا بەشداربوون، یاریزانانی ئافرەتانی هەولێر بە پێنج یاریزانەوە بەشــداریان کردبوو لە کێشە جیاوازەکان و توانیان ئاســتێکی بەرزیش پێشــکەش بکەن و ناوی هەولێر وکوردستانیش بەرز بکەنەوە، لەمیانی پاڵەوانێتیەکەشدا ئالآی کوردستان لە پاڵ ئالآی وڵاتانی تری بەشدار دەشــەکایەوە، لە کێبڕکییەکانیش هەریەك لە کچە یاریزانان(جولەر جەودەت لە کێشی ٤٨، ئیمان مەهدی لە کێشی ٥٢،شەیما فارس لە کێشی ٦٣، ژوان غەنی لە کێشی ٧٠ و هەیفا بەهرام لەکێشی ٧٨) توانیان مەدالیای برۆنزی بەدەست بهێنین، لە بارەی پاڵەوانێتییەکەش بەهێز رواندزی ڕاهێنەری تیپی جۆدۆی ئافرەتانی هەولێر بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: ئاســتی پاڵەوانێتییەکە زۆر بەرز بوو، یاریزانانی بەشدار توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن، ئێمەش توانیمان ئاست و ئەنجامان باش بێت و ئەمە یەکەمین بەشداری کردنمان بوو، لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو ئاستمان باشتر دەبێت سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە هاوکارمان بوون. گوتیشــی هیچ کێشەو گرفتێکمان نەبووە، یاریزانانی تیپەکەشمان لەم پاڵەوانێتییەدا هەموو توانایەکی خۆیان خستە گەڕ.